بینیم بەرەو ئاراستەی تر جگە لە ئاراستەی قیبلە نوێژت دەکرد؟ ئەویش ووتی: ئەگەر ئەوە نەبێت کە پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە نوێژی دەکرد؛ ئەوا منیش بەم شێوەیە نوێژم نەدەکرد

لە ئیبن سیرینەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «پێشوازیمان لە ئەنەس کرد -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک لە شامەوە هات، بینیم لەسەر پشتی گوێدرێژەکە نوێژی دەکرد، وڕووی بەرەو ئاراستەیەک بوو -ئاراستەی چەپی قیبلە (ڕووی لە قیبلە نەبوو)-، ئیبن سیرین دەڵێت: منیش ووتم: بینیم بەرەو ئاراستەی تر جگە لە ئاراستەی قیبلە نوێژت دەکرد؟ ئەویش (ئەنەس) ووتی: «ئەگەر ئەوە نەبێت کە پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە نوێژی دەکرد؛ ئەوا منیش بەم شێوەیە نوێژم نەدەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ شام، و بەهۆی مەزنی قەدر وڕێزی وفراوانی زانستی خەڵکی پێشوازییان لێکرد، گێڕەرەوەی فەرموودەکە کە موحەمەدی کوڕی سیرینە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- یەکێک بوو لەوانەی کە پێشوازیان لێکرد بینی ئەنەس لە سەر پشتی گوێدرێژەکەی نوێژ دەکات، وئاراستەی قیبلە بەرەو لای چەپی بوو (واتا ڕووی لە قیبلە نەبوو)، وسەبارەت بەمە پرسیاری لێکرد، ئەویش (ئەنەس) پێیانی ووت کە ئەو پێغەمبەری بینیووە -صلى الله عليه وسلم- کە بەم شێوەیە نوێژی کردووە، وئەگەر پێغەمبەری نەبینیایە -صلى الله عليه وسلم- کە بەم شێوەیە نوێژ دەکات؛ ئەوا ئەویش بەم شێوەیە نوێژی نەدەکرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3039